NSW

# COVID-19: ڕێسا نوێیەکان بۆ خێزان و بەرکەوتە نزیکەکان لە نیوساوس وێڵز

ئەگەر تۆ کەسێکی لە خێزاندا یان بەرکەوتەیەکی نزیکیت و هیچ لە نیشانەکانی COVID-19 ت نیە، پێویست ناکات خۆت- دابڕێنیت بەڵام دەبێت ڕێنماییەکانی NSW Health بگریتەبەر:

- سەردانی ئەو شوێنانەی مەکە کە ئاستی مەترسی- بەرزیان هەیە وەک نەخۆشخانەکان و دەزگاکانی چاودێری بەتەمەنەکان.
- کار و خوێندن لە ماڵەوە ئەنجام بدە هەرکە گونجاو بوو. تۆ پێویستت بە ڕەزامەندی خاوەن کارەکەت یان دەزگای پەروەردە هەیە ئەگەر پێویست بوو بڕۆیت بۆ سەرکار یان خویندنگە.
- دەمامک بپۆشە ئەگەر تۆ ١٢+ ساڵانیت. پێویست ناکات لەناو ماڵەکەی خۆتدا دەمامک بپۆشیت.
- خۆت دوور ڕابگرە لە گردبوونەوەی فراوان یان قەرەباڵغەکانی ناوماڵدا لەگەڵ کەسانێک کە ناژێیت لەگەڵیاندا. ئەگەر دەتەوێت ئامادەبیت، پشکنینی دژەتەنی خێرا ئەنجام بدە بەرلەوەی بڕۆیت.

بۆ ٧ ڕۆژ ڕێساکان بگرەبەر لەو کاتەوەی کەسێک لە خێزانتان پشکنینەکەی بۆ COVID-19 ئەرێنی بووە.

ئەگەر نیشانەکانت هەبوو یان تیاتدا دەرکەوت، دەبێت تۆ خۆت- دابڕێنیت وپشکنین بکەیت بۆ COVID-19. ئامۆژگارییەکانی NSW Health بگرەبەر ئەگەر ئەنجامی پشکنینەکەت ئەرێنی دەرچوو.

ئەگەر ئەنجامی پشکنینەکەت نەرێنی بوو، لە ماڵەوە بمێنە تا ئەوەی هیچ نیشانەیەکت نابێت.

سەردانی www.nsw.gov.au/covid-19/management/household-contacts بکە بۆزانیاری زیاتر.



© NSW Health April 2022.